هەرکەسێک نوێژی بەیانی بکات؛ ئەوا لە ژێر -پەیمان و- پاراستنی خودایە

لە جوندوبی کوڕی عبداللەی قەسریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک نوێژی بەیانی بکات؛ ئەوا لە ژێر -پەیمان و- پاراستنی خودایە، بترسن وهۆشداربن لەوەی خوای گەورە بانگتان نەکات لەسەر شکاندنی شتێک لە پەیمانەکانی، هەرکەسێک خوای گەورە بانگی بکات بۆ لێپرسینەوە لەسەر پەیمانەکانی ؛ پێی دەگات وسزای دەدات، پاشان لەسەر ڕووی فڕێی دەداتە ئاگری دۆزەخەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات هەرکەسێک نوێژی بەیانی ئەنجامبدات ئەوا لەژێر پاراستنی خودایە، وبەرگری لێدەکات وسەریدەخات. پاشان -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری دا سەبارەت بە هەڵوەشاندنە وپوچەڵکردنەوەی پەیمانی اللە، ئەمیش بە وازهێنان لە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، یان ئازاردانی ئەو نوێژخوێنەی نوێژی بەیانی کردووە، هەرکەسێک وابکات هەوڵیداوە ئەم پەیمانە هەڵبوەشێنێتەوە، وشایستەی هەڕەشەی تونده بەوەی خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات لەسەر پشتگوێخستنی مافەکانی، وئەوەی لەسەر ئەم بابەتە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت ؛ تووشی سزا دەبێت، بۆیە سەرەنجام لەسەر ڕووی فڕێ دەدرێتە نێو دۆزەخ.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5435